**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**
**ژمارە: ١٣٠١ لە ٢٠٢٦/٤/٣٠**

پاڵپشــت بەو دەســەڵاتەی پێمــان دراوە لە مــاددەی (٥) بــڕگەی (٣) وەزارەتــی گواســتنەوە وگەیانــدن ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١ بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە و لە بەر بەرژەوەنـدی گشـتی بڕیارمانـدا بە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**هەمواری یەکەمی ڕێنماییە گشتیەکانی کاروباری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

بڕگەکانی (سێیەم تا بڕگەی یانزدەهەم) لە ماددەی (١) لادەبردرێت.

**ماددەی (٢):**

ئەم بڕگە و خاڵانە لە ماددەی (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**کۆمپانیای گواستنەوە**

سـەرجەم کۆمپانیاکـانی گواسـتنەوە لە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان تۆمـارکراون چاڵاکی گواسـتنەوە ئەنجـام دەدەن لە بوارەکـانی (هاووڵاتیـان – بەرهەمـی نەوتـی و ئـاو و شـلەمەنی - کەل و پەل لۆجسـتیک و ئۆنلاین - فریـاگوزاری - تەکسـی ئەپلیکەیشـن - فەرمـانبەران و خوێنـدکاران و قوتابیان – بەکرێ دانی ئۆتـۆمبیلی تـایبەت - ڕیکـلام کـردن - گواسـتنەوەی گەشـتیاری و زیارەتکـاران و حاجیـان و عومرەکـاران – ئاژەڵـداری و پەلەوەر – گواسـتنەوەی ئۆتۆمبێـل) پێویسـتە مـۆڵەتی فەرمـی کارکردنیـــان هەبێـــت لە وەزارەتـــی گواســـتنەوە و گەیانـــدن/ بەرێـــوەبەرایەتی گشـــتی گواســـتنەوە/ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**دووەم:** گشــت خاڵەکــانی (بــڕگەی دووەم) (١ تــاکو ١١) لە مــاددەی (٢) هەمــوار دەکرێــت بەم شــێوەیە دەخوێندرێتەوە:

جۆرەکانی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوە ئەمانە دەگرێتەوە:

١- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی هاووڵاتیان.

پرۆسەیەکە بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتیان (المسافر) بۆ گواسـتنەوەیان لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر بەئامرازەکانی گواستنەوە (پاس، تەکسی، ترام وای، شەمەندەفەر، میترۆ، .....هتد).

٢- مـۆڵەتی کۆمپانیـای گواسـتنەوەی کەل و پەل و کەرەسـتەی خـاو و بـارکرکردن و داگـرتن و کـارگۆ و لۆجیستیک و ئۆنلاین.

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی سەرجەم پێداویستیەکانی (مرۆڤ و بوونەوەر و پێداویستی خۆراکی) وەک (خـواردن و خـواردەنەوە، کەرەسـتەی بیناسـازی، کەرەسـتەی پیشەسـازی، کەرەسـتەی کشـتوکاڵ و هەر کەرەستەیەکی تر).

٣- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و ئاو و شلەمەنیەکان.

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی سـەرجەم بەروبـوومە نەوتیەکـان و ئـاو و شـلەمەنیەکان لە شـوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی تر.

٤- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی فریاگوزاری.
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتی (نەخۆش و بریندار و کۆچ کردووە) لە هەر رووداوێکی نەخوازراو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.
٥- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی لە رێگەی سیستەمی (APPLICATIO)
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان و کەل وپەل لە شار و شارۆچکەکان لە رێگای ئامرازەکانی گواستنەوە (تەکسی، پاس) بە شێوەی (APPLICATION)
٦- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران.
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان لەباخچەی ساوایان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، پەیمانگاکان، فەرمانگەکان بۆ شوێنی کاریان وە بە پێچەوانەوە.
٧- مۆڵەتی کۆمپانیای بە کرێ دانی ئۆتۆمبێلی تایبەت.
پرۆسەیەکە بە مەبەستی بە کرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ راپی کردنی ئیش و کاری هاووڵاتیان و گەشتیاران.
٨- مۆڵەتی کۆمپانیای رێکلام لە ناو و لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە.
پرۆسەیەکە بە مەبەستی رێکلام کردن بۆ کاڵا و کەل و پەل و شوێنە بازرگانیەکان یا خود هەر بابەتێک لە ناو و لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە.
٩- مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی گەشتیاران و زیارەتکاران و حاجی و عومرەکاران.
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی گەشتیاران و زیارەتکاران و حاجی و عومرەکاران بۆ شوێنی گەشتیاری و شوێنەوارە دێرینەکان و شوێن زیارەتییەکان.
١٠-مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی ئاژەڵداری و پەلەوەر.
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆ شوێنی مەبەست.
١١-مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی ئۆتۆمبێل.
پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و مەکائین بە ئامرازەکانی گواستنەوەی تایبەت وەک (لۆدەر و فلات).

**سێیەم:**

١- خاڵەکانی (٢، ٧، ١٠ ج، ١٠ د، ١٥، ١٨) لە بڕگەی سێیەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە مەرجە گشتیەکانی مۆڵەت پێدانی کۆمپانیاکان.
- خاڵی (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە کۆتایی خاڵەکە ئەم دەستەواژەیە زیاد دەکرێت (ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە کرا بێت).
- خاڵی (٧) هەمواردەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
کۆمپانیا دەبێت ڕەزامەندی ئەمنی هەبێت.
- خاڵی (١٠ - ج) لە بڕگەی سێیەم هەمواردەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لەکۆتایی خاڵەکە ئەم ڕستەیە زیاد دەکرێت (بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو و سزادانیان بەپێی یاسا).

- خاڵی (١٠ - د) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە ئەگەری پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە خاڵەکانی سەرەوە دوایی سێ مانگ لەلایەن بەڕێوەبەراتیەکانی گواستنەوە و ئیدارەسەربەخۆکان نووسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە دەکرێت بەمەبەستی پوچەڵ کردنەوەی مۆڵەتەکەی.
- خاڵی (١٥) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(نابێت کۆمپانیا کاری قەدەخەکراو بکات بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان).
- خاڵی ( ١٨) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
سزای ڕاگرتنی چالاکی کۆمپانیاکان لەکاتی سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندار و لیژنەی ڕێکخستنی ناوشار و شارۆچکەکان جێبەجێ دەکرێت.
٢- خاڵەکانی (١٣- ١٩) لە بڕگەی سێ یەم لە مادده (٢) لادەبردرێت.
٣- لە بڕگەی سێیەم لە مادده (٢) خاڵێک بەزنجیرە (٢٦) زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا لەسەر داوکاری خاوەن کۆمپانیا بەهەر هۆکارێک مۆڵەتەکە هەڵدەوشێتەوە بەمەرجی پاکتاوکردنی گشت شایستە کارگێری و داراییەکان .

**چوارەم:**

١- خاڵەکانی (١، ٢ ، ٣ ، ٦ ، ١٠) لە بڕگەی چوارەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای گواستنەوەی هاووڵاتیان بۆ دەرەوەی هەرێم:
- خاڵی (١) لە بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێت ، بەم شێویە دەخوێندرێتەوە:
کۆمپانیا دەبێت لە (٥) پێنج ئۆتۆمبیلی پاصی گەورە کەمتری نەبێت، وە مۆدیلیان لە (٢٠١٤) وە بەرەو سەرەوە بێت و مەرجی توند و تۆڵیان هەبێت (PVI).
- خاڵی (٢) لە بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێتەوە ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
کۆمپانیا دەبێت لە (١٠) دە ئۆتۆمبیلی مینی پاص و ستێشن کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە (٢٠١٧) وە بەرەو سەرەوە بێت وە مەرجی توندو تۆڵیان هەبێت ( PVI)
- خاڵی (٣) لە بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێتەوە ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت وە بەیەکەوە بێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت وەگەراجەکەی لە (٥٠٠)م٢ کەمتر نەبێت، لە ئەگەری نەبوونی ترمیناڵی گشتی لە شوێنەکە.
- خاڵی (٦) لە بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێتەوە ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
کۆمپانیای گواستنەوەی هاووڵاتیان بۆ دەرەوەی هەرێم دەتوانن گرێبەستی فەرمی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی ئەنجام بدات دوای پەسەند کردن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەرەچاوەکردنی ڕێکەوتنەکە هاوشێوەکان، بە مەرجێک دوای تەواو بوونی گرێبەستەکە لە نێوان هەردوو کۆمپانیای خۆماڵی و نێودەولەتی لە ڕێکەوتی تەواوبوونی گرێبەست، دوای گرێبەستەکەیان بۆیان هەیە گرێبەستی نوێ لەگەڵ کۆمپانیایەکی تر واژوو بکەن ، نابێت کۆمپانیای بیانی لە یەک کاتدا (٢) گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی خۆماڵی ئەنجام بدات.

- خاڵی (١٠) لە بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێتەوە ، بەم شێویە دەخوێندرێتەوە:
- کۆمپانیا بۆی هەیە لق بکاتەوە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆەکان بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:
أ- داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنووری خۆی بکات بۆ کردنەوەی لق.
ب- نوسراوی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی ئەو سنوورەی کە دەیەوێت لق بکاتەوە.
ج- رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە وەربگیرێت.
د- خاوەن کۆمپانیا ئەگەر بیەوێت لق بەناوی کەسی تر بکاتەوە دەبێت پابەندی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

- ڕەزامەندی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆ یا قائمقامیەتی ئەو شوێنەی هەبێت کە دیەوەێت لق بکاتەوە.
- خاوەن کۆمپانیا لە دادنووس یان هۆبەی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی وەکالەت بۆ کەسە دەدات بۆ بەڕێوەبردنی لق.
- نابێت ماوەی وەکالەتەکە زیاتر بێت لە بەرواری کۆتایی هاتنی مۆڵەتی کۆمپانیاکەی.
- ئەو کەسەی لق بەڕێوە دەبات دەبێت پاکانەی ئەمنی هەبێت.

٢- خاڵی (١١) لە بڕگەی (چوارەم ) مادده (٢) لادەبردرێت .

**پێنجەم:** ناونیشان و خاڵەکانی (١ ،٢ ، ٣) بڕگەی پێنجەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
- ناونیشانی بڕگەی پێنجەم، ووشەی ( دلیقەری لادەبردرێت ) ووشەی ( ئۆنلاین و ئەپلیکەیشن) دێتە شوێنی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای گواستنەوەی بارکردن و داگرتنی کەل وپەل و کارگۆ و لۆجیستیک و ئۆنلاین و ئەپلیکەیشن).
- خاڵی (١) لە بڕگەی پێنجەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(دەبێت کۆمپانیا لە (٥) پێنج ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری کەمتری نەبێت وە کێشی باری ئۆتۆمبێلەکان لە (٢)دوو تەن بەسەرەوە بێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەت تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێدەکرێت.
-خاڵی (٢) لە بڕگەی پێنجەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ و رووبەری گەراجەکەی (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت و لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندی دار بێت.
-خاڵی (٣) لە بڕگەی پێنجەم هەموار دەکرێت، ووشەی ( ترانزێت و دلیقەری ) لادەبردرێت و ووشەی (ئۆنلاین و ئەپلیکەیشن ) لەشوێنی دادەنرێت .

**شەشەم:** ناونیشان و خاڵەکانی (١، ٢) لە بڕگەی شەشەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
- لە ناونیشانی بڕگەی شەشەم ووشەی ( شلەمەنیەکان ) زیاد دەکرێت بەم شێوە دەخوێندرێتەوە :
( مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و ئاو و شلەمەنیەکان:

- خاڵی (١) لە بڕگەی (شەشەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
( دەبێت کۆمپانیا لە (٥) پێنج ئۆتۆمبێلی تەنکەری کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت).
- خاڵی (٢) لە بڕگەی شەشەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە
بۆ ( دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت و رووبەری گەراجەکەی لە (٥٠٠)م٢ کەمتر نەبێت).
**حەوتەم:** ناونیشان و خاڵەکانی ( ١ ، ٤، ٦ ) بڕگەی حەوتەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا گواستنەوەی لە رێگەی سیستەمی (APPLICATION)
- خاڵی ( ١ ) لە بڕگەی (حەوتەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
بۆ ( دەبێت کۆمپانیا لە (٣٠) سی ئۆتۆمبێلی جۆری تەکسی کەمتر نەبێت و (١٠)ساڵ مۆدێلیان بەرەو سەرەوە بێت و نابێت ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکار بێنن.
- خاڵی (٤) لە بڕگەی (حەوتەم) هەموار دەکرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
( دەبێت کۆمپانیا ئەو ئامێرانە بەکاربێنێت کە رێگەپێدراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- خاڵی (٦) لە بڕگەی (حەوتەم ) هەموار دەکرێت ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(دەبێت لۆگۆ و ناوی کۆمپانیاکە لەسەر ئۆتۆمبیلەکان هەبێت وە لە بەرێوەبەراتی هێما بازرگانیەکان مۆڵەت وەرگرتبێت وە ناو و نیشانی هەمان کۆمپانیا بێت کە مۆڵەتەکەی پێوەرگرتووە، لەسە دەرگاکانی دواوە بدات).
**هەشتەم:**
١- ناونیشانی بڕگەی هەشتەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
مەرجەکانی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی فریا گوزاری.
٢- خاڵی (٩) لە بڕگەی (هەشتەم) مادده (٢) لادەبردرێت.
**نۆیەم:**
١- ناونیشان و خاڵەکانی (٢ ، ٣) لە بڕگەی نۆیەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی بە کرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت:
- خاڵی (٢) لە بڕگەی (نۆیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
( کۆمپانیا دەبێت ئۆفیسی گونجاوی هەبێت و رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت.
- خاڵی (٣) لە بڕگەی (نۆیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
کۆمپانیا دەبێت لە (١٥) ئۆتۆمبێلی تایبەتی کەمتری نەبێت وە مۆدێلی لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مودێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.
٢- خاڵی (٨) لە بڕگەی ( نۆیەم) مادده (٢) لادەبردرێت.

**دەیەم:**

١- ناونیشان و خاڵەکانی (٢،٣) لە بڕگەی دەیەمی مادده (٢)هەموار دەکرێت بەم شێوەیە  دەخوێندرێتەو:

-مەرجەکانی پێدان ونوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران:

- خاڵی (٢) لە بڕگەی ( دەیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

کۆمپانیا دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج ئۆتۆمبێلی کرێ کەمتر نەبێت (پاس یان مینی پاس یان تەکسی) وە بە مەرجی تۆندوتۆلی (PVI) هەبێت.

- خاڵی (٣) لە بڕگەی (دەیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

کۆمپانیا دەبێت پشتگیری و ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی هەبێت لە وەزارەتی ناوخۆ.

٢- دوو خاڵ لەکۆتایی بڕگەی (دەیەم) بەزنجیرەی (١١ - ١٢) زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١١- پێویستە ساڵانە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و قائمقامیەتیەکان لە رێگای تەندەرین گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران بدرێت بە کۆمپانیا.

١٢- هیچ لایەنێک بۆی نیە دەست بخاتە نێو کاروباری ئەم کۆمپانیانە، وەزارەتی پەروەردە و کارگێری قوتابخانەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ شوفێر کار بکەن دەبێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بکرێت.

**یانزدەهەم:**

١-ناونیشان و خاڵەکانی (١ ، ٥ ، ٨) لە بڕگەی یانزەهەمی مادده (٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی رێکلامی بازرگانی لە ناوەوە و لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە:

- خاڵی (١) لە بڕگەی (یانزەهەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

( هەموو کارێکی رێکلام کردن لە ناو و لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە لە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان دەبێت لە رێگای کۆمپانیاوە ئەنجام بدرێت .

- خاڵی (٥) لە بڕگەی (یانزەهەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکان بۆ ماوەی ( ٢) دوو ساڵە دوای ئەو ماوەیە دەبێت مۆڵەتەکەی تازە بکرێتەوە لەگەڵ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

- خاڵی (٨) لە بڕگەی (یانزەهەم)  هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

( پێویستە کۆمپانیا لە کاروچالاکیەکانی پابەند بێت بە حوکمەکانی هاتوو لە یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمار (٤) ساڵی ٢٠١٩ .

٢- خاڵی (١٢) لە بڕگەی (یانزەهەم) مادده (٢) لادەبردرێت.

**دوانزەهەم:** (٣)سێ بڕگە لە کۆتا مادده (٢)  زیاد دەکرێت بە زنجیرەی ( دوانزەهەم - سیانزەهەم - چواردەهەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**بڕگەی دوانزەهەم:** مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی گەشتیاران و زیارەتکاران و حاجیان و عومرەکاران:

١- دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت وە بەیەکەوە بێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت وەگەراجەکەی لە (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت.

٢-کۆمپانیا لە (١٠) دە ئۆتۆمبێلی جۆری پاسی گەورە یان پاس یا خود مینی پاسی کەمتر نەبێت و مۆدێلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت، وە بەمەرجی تۆندوتۆلی (PVI) هەبێت.

٣- بۆ ناوچە شاخاوییەکان دەکرێت ئۆتۆمبێلی جۆری دەبل ئەکسل بەکاربهێنرێت کە مودێلیان لە (٢٠٠٠) بەسەرەوە بێت.

٤-کۆمپانیا دەبێت پشگیری پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت.

٥- دەبێت کۆمپانیا تەنها ناوی خۆی لەسەر تابلۆکە هەڵبواسێت و نابێت بەهیچ شێوەیەک ناوی کۆمپانیای گەشت و گوزار و حاجیان و عومرەکاران لەسەر تابلۆکە هەڵبواسرێ و تەنها ئەو کۆمپانیایەی کە گرێبەستی فەرمی لەگەڵ هەیە دەکرێت ناوی دابنرێت.

٦-کۆمپانیاکە دەبێت گرێبەستی فەرمی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار و زیارەتکاران و حاجیان و عومرەکاران.

٧-لە کاتی پێدان و نویێ کردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا پێویستە وێنەیەک لە گرێبەستی کارکردن وە لیستی ئۆتۆمبێلەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بکات

٨-لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی لە لایەن کۆمپانیا، بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بۆی هەیە چالاکی کۆمپانیا رابگرن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لە (١ تا ٣) مانگ زیاتر نەبێت ، ئەگەرلەو مایەوەدا پابەند نەبوو ئەوا مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە و جارێکی تر کۆمپانیا بۆی نیە داوای چالاکی گواستنەوە بکات.

٩-کۆمپانیا نابێت بە هێچ شێوەیەک لە نێوان شار و شاروچکەکانی هەرێم کاری گواستنەوە هاووڵاتیان ئەنجام بدات بە پێچەوانەوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەراگرتنی مۆڵەتەکە سزا دەدرێ. بەدەر لەوە چالاکی کە بۆی دیاری کراوە ناتوانێت هیچ چالاکی تری گواستنەوە ئەنجام بدات.

١٠- دەبێت پاسەکان پشکنین (PVI)ی هەبێت و ماوەکەی بەسەر نەچوو بێت.

١١- کۆمپانیا دەبێت پابەند بێت بەنرخی کرێ، کە لە لایەن لیژنەی دانانی نرخ کە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێکهێنراوە.

١٢- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکان بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵە دوای ئەو ماوەیە دەبێت مۆڵەتەکەی تازەبکرێتەوە.

١٣- ڕسوماتی پێدان و نویێ کردنەوەی مۆڵەت هاوشێوەی رسوماتی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەرەوەی هەرێم دەبێت.

**بڕگەی سیانزەهەم:** مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئاژەڵداری و پەلەوەر:

١- کۆمپانیا دەبێت ئۆفیسی گونجاوی هەبێت کە رووبەرەکەی (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت.
٢- کۆمپانیا لە (١٠) دە ئۆتۆمبێلی جۆری بارهەڵگر کەمتر نەبێت و مۆدێلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.
٣-کۆمپانیا جگە لەو چالاکیەی کە لە مۆڵەتەکەی بۆی دیاری کراوە نابێت بەهیچ شێوەیەک چالاکی تری گواستنەوەی ئەنجام بدات.
٤- رسوماتی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت هاوشێوەی رسوماتی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کەل و پەل دەبێت.

**بڕگەی چواردەهەم:** مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئۆتۆمبێل:
١- کۆمپانیا دەبێت ئۆفیسی گۆنجاوی هەبێت کە ڕووبەرەکەی (٢٥)م٢ وە گەراجی بە رووبەری (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت و بەیەکەوە بێت.
٢- کۆمپانیا لە (١٠) دە ئۆتۆمبێلی تایبەتی کەمتر نەبێت وەک (لۆدەر ، فلات) و مۆدێلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.
٣- کۆمپانیا جگە لەو چالاکیەی کە لە مۆڵەتەکەی بۆی دیاری کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەک چالاکی تری گواستنەوەی ئەنجام بدات.
٤- ڕسوماتی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت هاوشێوەی ڕسوماتی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کەل و پەل دەبێت.

**ماددەی (٣):**

ئەم بڕگە و خاڵانە لەماددە (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بڕگەی یەکەم لەماددەی (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نوسینگەی گواستنەوە

دامەزراوەیەکی مۆڵەت پێدراوە هەڵدەستێ بە ئەنجام دانی چالاکی گواستنەوە لەناوەوەی هەرێم لە بوارەکانی (هاووڵاتیان- کەل وپەل و لۆجیستیک و ئۆنلاین- بەرهەمی نەوتی- تەکسی تەلەفۆنی- فریاگوزاری- گواستنەوەی خوێندکاران و قوتابیان و فەرمانبەران - بە کرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت - گواستنەوەی ئاژەڵ و پەلەوەر- گواستنەوە بە بەلەم).

**دووەم:**

١- خاڵەکانی (٥ ، ١١) لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە مەرجە گشتیەکان بۆ پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی گواستنەوە بۆ نوسینگەکان:
- خاڵی (٥) لە بڕگەی ( دووەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نووسینگە دەبێت پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا/ ئیدارە سەربەخۆکانی هەبێت.
- خاڵی (١١) لە بڕگەی ( دووەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

( نووسینگە لە کاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی دەبێت لە ماوەی (٢) دوو مانگ مۆڵەتەکەی نوێ بکاتەوە وە ئەگەر لە ماوەی (٢) دوو مانگ مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە دوای ئاگادارکردنەوەی بۆ ماوەی (١٥) پانزدە رۆژ ئەوا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی رێکخستنی ناو شارو شارۆچکەکان نووسینگەکەی دادەخرێت دوای ئەم رێکارانە ئەگەر نووسینگە پابەند نەبوو ئەوا مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە.

٢- له بڕگەی ( دووەم) خاڵێک به زنجیرەی (١٩) زیاد دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:
(پێویسته نووسینگه نووسراوی پشتگیری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان هەبێت کەوا تۆمار کراوه بەپێی ڕێکاره یاساییەکان.

**سێیەم:**

١- ناونیشان و خاڵەکانی ( ١، ٤، ٥ ، ٨ ، ١٠) له بڕگەی سێیەمی مادده (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

( مەرجەکانی پێدان نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەی گواستنەوەی هاووڵاتیان:

- خاڵی (١) له بڕگەی (سێ یەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

( نووسینگه دەبێت ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت وە بەیەکەوە بێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی له (٢٠)م٢ وە گەراجەکەی له (٢٠٠)م٢ کەمتر نەبێت لەگەڵ تەواوی خزمەت گوزاری.

- خاڵی (٤) له بڕگەی (سێیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەبێت:

(دەبێت ئۆفیس و گەراجی نووسینگەکانی گواستنەوه (٣)کم دوور بن له گەراج و ترمیناڵه گشتی یەکان.

- خاڵی (٥) له بڕگەی (سێیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

( نووسینگه دەبێت له (١٥) پانزده ئوتۆمبێلی نەفەر هەڵگری جۆری ستیشن (جی ام سی - باباهان)ی کەمتری نەبێت، وە بەکۆی گشتی ژمارەکەی له (٥٠) ئۆتۆمبێل تێپەر نەکات که مۆدێلیان له بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٠) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت و مەرجی توندوتۆلیان هەبێت (PVI).

- خاڵی (٨) له بڕگەی (سێیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

بەهیچ شێوەیەک مۆڵەتی کارکردن به نووسینگەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان له نێوان پارێزگاکان نادرێت جگه له نووسینگەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان لەنێوان ( پارێزگای هەولێر - بەغدا ).

- خاڵی (١٠) له بڕگەی ( سێیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

ڕسوماتی نوێ کردنەوەی کارت و ئارمی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوەیه:

| | |
|---|---|
| ڕەسمی ئارم بۆ ستیشن | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار |
| ڕسومات / بۆ هەر کورسیەک ستیشن | ( ٣٠٠٠) سێ هەزار دینار |

٢- خاڵی (٣) له بڕگەی ( سێیەم ) لادەبردرێت.

**چوارەم:** ناونیشان و خاڵەکانی ( ٢ ، ٣ ) له بڕگەی چوارەمی ماددەی (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەوە دەخوێندرێتەوە:

مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل و لۆجیستیک و ئۆنلاین:

- خاڵی (٢) له بڕگەی ( چوارەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

(نووسینگه دەبێت له (٥) پێنج ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری کەمتری نەبێت وە کێشی باری ئۆتۆمبێلەکان له (١) یەک تەن بەسەرەوە بێت وە مۆدیلیان له بەرواری وەرگرتنی مۆڵەت تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.

- خاڵی (٣) له بڕگەی (چوارەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیه دەخوێندرێتەوە:

له کۆتایی خاڵەکه ئەم دەسته واژەیه زیاد دەکرێت ( ڕووبەری گەراجەکەشی له (٢٥٠)م٢ کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** بڕگەی پێنجەم لە مادده (٣) لادەبردرێت.
**شەشەم:**
١- ناونیشــان و خاڵەکـانی (١، ٢، ٨) بـڕگەی (شەشـەم) لە مـاددەی (٣) هەمـوار دەکرێـت بەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:
( مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەی گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی:
- خاڵی (١) لە بڕگەی (شەشەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە پارێزگاکـان نووسـینگە دەبێـت لە (٢٠) بیسـت ئۆتـۆمبێلی تەکسـی کەمتـری نەبێـت وە مۆدێلیـان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٠) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.
- خاڵی (٢) لە بڕگەی (شەشەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە ئیدارە سەربەخۆ و قەزاو ناحیەکان نووسینگە دەبێـت (١٠) دە ئۆتـۆمبێلی تاکسی کەمتـری نەبێـت وە مۆدێلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی مودێلیان لە (١١) یازدە مۆدێل وە بەرەوە سەرەوە بێت.
- خاڵی (٨) لە بڕگەی ( شەشەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە (ج) پۆینتی (١) تایبەت بە ڕسمی ئارم بۆ تاکسی لادەبردرێت.
٢- خاڵی (٣) لە بڕگەی (شەشەم) لادەبردرێت.
٣- لەبڕگەی (شەشەم ) خاڵێک زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (٩) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
( پێـدانی مـۆلەتی کـارکردن بـۆ نووسـینگەکان بـۆ مـاوەی (٢) دوو سـاڵە ، دوای ئەو دوو سـاڵە دەبێـت مۆلەتەکەی تازە بکرێتەوە.
**حەوتەم:** ناونیشانی بڕگەی حەوتەم لەماددەی (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەکانی گواستنەوەی فریا گوزاری .
**هەشـتەم:** ناونیشــان و خــاڵی (٢) لە بــڕگەی هەشــتەمی مــاددەی (٣) هەمــوار دەکرێــت بەم شــێوەیە دەخوێندرێتەوە.
مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەکانی بەکرێ دانی ئۆتۆمبێلی تایبەت :
-خاڵی (٢) لە بڕگەی هەشتەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
نووسینگە دەبێت گەراج و ئۆفیسی گونجاوی هەبێت کە رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠)م٢ کەمتر نەبێت.
**نۆیەم:**
١- ناونیشـــان و خاڵەکـــانی ( ٣، ٨ ) بـــڕگەی نـــۆیەمی مـــاددەی (٣) هەمـــوار دەکرێـــت بەم شـــێوەیە دەخوێندرێتەوە :
مەرجەکـانی پێـدان و نـوێکردنەوەی مـۆڵەتی کـارکردنی نوسـینگەکانی گواسـتنەوەی فەرمـانبەران و خوێندکاران و قوتابیان
-خاڵی (٣) لە بڕگەی (نۆیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(نووسینگە دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج ئۆتۆمبێلی جۆری (پاص یان مینی پاص یان تاکسـی) کەمتـری نەبێت لە پارێزگاکان و لە ئیدارە سەربەخۆکان لە (١٥) پانزدە ئۆتۆمبێلی جۆری (پاص یان مینی پاص یان تاکسی) کەمتری نەبێت وە ئۆتۆمبێلەکان مەرجی توندوتۆلیان هەبێت (PVI).
- خاڵی (٨) لە بڕگەی (نۆیەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.
لەکۆتایی خاڵەکە ئەم ڕستەیە زیاد دەکرێت ( بەپێی یاسا و ڕێنمایيە بەرکارەکان ) .

٢- لە بڕگەی (نۆیەم) خاڵێک بە زنجیرەی (١٤) زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
(هیچ لایەنێک بۆی نیە دەست بخاتە نێو کاروباری ئەم نووسینگانە، بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە و کارگێری قوتابخانەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی یان کار لەگەڵ شوفێران بکەن، دەبێت گرێبەستیان لەگەڵ نووسینگەکان هەبێت.

**دەیەم:** بڕگەی دەیەم لادەبردرێت.

**یانزەهەم:** دوو بڕگەیەک لە کۆتایی ماددەی (٣) زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (دوانزەهەم - سیانزەهەم) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**بڕگەی دوانزەهەم:** مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەکانی گواستنەوەی ئاژەڵداری و پەلەوەر:

١- نووسینگە دەبێت ئۆفیسی و گەراجی گۆنجاوی هەبێت کە ڕووبەرەکەی (٢٠)م٢ کەمتر نەبێت وە ڕووبەری گەراجەکەی لە (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت.

٢- نووسینگە لە (٥٠) پێنج ئۆتۆمبێلی جۆری بارهەڵگری تایبەت کەمتری نەبێت و مۆدێلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٣) مۆدێل خوارتر کاری پێ دەکرێت.

٣- ڕسوماتی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت هاوشێوەی ڕسوماتی مۆڵەتی نووسینگە گواستنەوەی کەل و پەل دەبێت.

**بڕگەی سیانزدەهەم:** جۆرەکانی مۆڵەتی نوسینگەکانی گواستنەوە:

١- مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی هاوڵاتیان.

٢- مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل و لۆجیستیک و ئۆنلاین.

٣-مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی فریاگوزاری.

٤-مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی .

٥- مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران.

٦- مۆڵەتی نووسینگەی بە کرێ دانی ئۆتۆمبێلی تایبەت

٧- مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی ئاژەڵداری و پەلەوەر.

٨- مۆڵەتی نووسینگەی گواستنەوەی بە بەلەم.

**ماددەی (٤):**

بڕگەکانی ( یەکەم - دووەم - سێیەم ) لە ماددەی (٤) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بڕگەی ( یەکەم) لە ماددەی (٤) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

- خاڵی (أ) لە بڕگەی یەکەم لە پرۆسەی پێدانی هێل و کارتی کارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی (تەکسی و پاص) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

پێدانی هێل بە هاووڵاتیان مافێکی پیشەیی یە کە تەنها دەدرێت بەو کەسانەی کاری شوفێری دەکەن لەبواری گواستنەوە کە بەستراوەتەوە بەو مەرج و ڕێنماییانەی گشتی گواستنەوە کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پەسەند دەکرێت، وە لەکاتی کردنەوەی هێل و زیادکردنی ئۆتۆمبێل لە هێلەکان پێویستە داواکاری هاووڵاتیان هەبێت لەسەر ئەم بابەتە وە لەلایەن لیژنەی لۆکاڵی (محلی) سنوورەکە پەسند بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر شوفێران پابەند بن بەڕێنماییەکانی گواستنەوە وە کارەکانیان بە شێوەیەک ئەنجام بدەن کە ڕێز لەسەر نشینان و خاوەن کارەکانیان بگرن و کە نەبێتە هۆی بێزارکردنیان.

**دووەم:**

١ - خاڵەکـانی (٧ ، ١٠ ، ١١ ، ١٢، ١٣ ، ١٧، ٢٤) بـڕگەی دووەم لەمـاددەی (٤) هەمـوار دەکرێـت بەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

- خاڵی (٧) لە بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویسـتە تـابلۆی ئۆتـۆمبێلەکەی هـی هەمـان پارێزگـا بێـت وە لە ئیـدارە سـەربەخۆکانیش بەهەمـان شێوە دەبێت کە دەکەوێتە سنوری جـوگرافی ئەم پارێزگـایە، ئەم مەرجە تەنها بـۆ ئۆتـۆمبیلی تەکسی جێبەجێ دەکرێت.

- خاڵی (١٠) لە بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

داواکار دەبێت مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ تەکسی لە (٣) مۆدیل بە سەرەوە بێت بۆ تەکسی و بـۆ پـاس لە (١٠) مۆدیل بە سەرەوە بێت، لە هێڵەکانی نێوان شـارەکان وە نێـوان شـارەکان و قەزاکـان وە شـارەکان و ناحیەکان وە بە پێچەوانەوەش لە نێوان قەزاکان و شارەکان وە ناحیەکان و شارەکان.

- خاڵی (١١) لە بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بۆ هێڵەکانی ناوەخۆی شارەکان بۆ (پاس و تاکسی) دەبێت مۆدیلیان (١١) ساڵ بە سەرەوە بێت.

- خاڵی (١٢) لە بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بۆ هێڵەکانی نێوان قەزاو قەزا وە ناحیەو نـاحیە بـۆ (پـاس و تاکسـی) دەبێـت مۆدێلیـان لە (١١) سـاڵ وە بەسەرەوە بێت.

- خاڵی (١٣) بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بۆ هێڵەکانی ناوەخۆی قەزا و ناحیەکان (پاس وتاکسی) دەبێت مۆدیلیان لە (١١) ساڵ و بەسەرەوە بێت.

- خاڵی (١٧) بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بۆ ناوچە شاخاویەکانی سنوورەکان لە کاتی پێویست دەکرێت ئۆتـۆمبێلی بەرز و دەبـڵ ئەکسـڵ بێـت وە مۆدێلیان لە (٢٠١٥) بەسەرەوە بێت.

- خاڵی (٢٤) بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

هەر لایەنێک ئاستەنگ دروست بکات لە جێبەجی کردنـی ڕێنماییەکـانی کاروبـاری گواسـتنەوە بە گشـتی بەپێـی یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ ماددەکـانی (٢٣١ - ٢٣٢ - ٢٤٠) مـامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٢ -خاڵی (١٦) بڕگەی دووەم لادەبردرێت

٣- لە بـڕگەی دووەم لەمـاددەی (٤)دوو خـاڵ بە زنجیـرەی ( ٢٥ - ٢٦) زیـاد دەکرێـت بەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

- خاڵی (٢٥) زیاد کردنی هێڵ:

ساڵانە هێلێـک تـا دوو هێـل بـۆ هێڵەکـانی نـاوەخۆ و دەرەوە زیـاد دەکرێـت بەپێـی پێویسـتی هێلەکـان و هێنـانی ڕەزامەنـدی بەریـوەبەرایەتی گواسـتنەوە و پەسـندکردنی لەلایەن وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیاندن بەپێی ڕێکارەکانی پرۆسەی بانگەواز و تیروپشک.

- خاڵی (٢٦) ئاڵوگۆڕ لە نێوان هێڵەکان
أ- ئاڵۆگۆڕ لە نێوان ئەو هێلانەی کە (پاص مینی پاص و تەکسین) لە هێلەکانی ناوشار بۆ هێڵی گەڕەکە تازەکان یان هێلی تری ناوشار کە (باص و مینی باص و تەکسین) لە دەسەڵاتی وەزارەتە، ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت لەکاتی بەدی هێنانی ئەم مەرجانەی خوارەوە:
ب- هەبوونی داواکاری پێویست بە نووسراوی فەرمی لەلایەن پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی سنووری ناوچەکە بۆ زیادکردنی هێل پاڵپشت کرابێت بە داواکاری بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنورەکە وە پێشکەش کردنی ڕوونکردنەوەی پێویست لە هەبوونی بەرژەوەندی گشتی و پێویستی و داواکاری هاوپێچ کرابێت بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان لایەنی پەیوەندار بە بابەتەکە.
ج- پێشکەش کردنی دۆکومێنتی پێویست کەوا ئەم خاوەن هێلی پاص و مینی پاصانە، داواکار و ڕەزامەندن بە گۆڕینی هێلەکانیان بۆ شوێنی هێلە تازەکانیان و پابەندن بەجێبەجێ کردنی گشت مەرجەکانی تایبەت بەو بابەتە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.
د- دوای هەڵسەنگاندنی داواکاریەکە لەلایەن وەزارەت و وەرگرتنی ڕەزامەندی پێویست و تەواوکردنی ڕێکارەکان ،بڕیار لە ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕنێوان هێلەکان دەکرێت بەپێی ڕێکارە یاساییەکان لە ڕێگەی پڕۆسەی تیر و پشک و پێدانی ڕسوماتی پێویست .
ە- لەکۆتادا ، گەڕاندنەوەی ئەنجامی پڕۆسەکە بە شێویەکی فەرمی بۆ وەزارەت بەمەبەستی پەسندکردن و چونەبواری جێبەجێ کردن بەپێی ڕیکارە یاساییەکان .

**سێیەم:**

١- ناونیشان و خاڵەکانی ( ١، ٣ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ١١ ، ١٣ ، ١٦ ، ٢٢ ، ٢٥ )بڕگەی سێ یەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

مەرجەکانی گشتی گواستنەوە تایبەت بە نوێ کردنەوەی کارتی کار کردنی هێلەکانی(پاص و تاکسی)

- خاڵی (١) لە برگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لە کاتی ڕووداوی نەخوازراو وەک(سووتانی ئۆتۆمبێل – وەرگەڕان- پێکدادان) دوای سەلماندنی ڕووداوە کە لە لایەنی پەیوەندیدار شوفێر بۆی هەیە ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل نزمتر بە(٢)دوو ساڵ بهێنێتە شوێنی ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی لە ماوەی(٩٠) ڕۆژ دوای ڕووداوەکە دوای ئەم ماوەیە خاوەن هێل هیچ مافێکی نامێنێت و ئەم پرۆسەیەش بەڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار دەبێت بە مەرجێک بۆ ئۆتۆمبێلی تەکسی مۆدێلی لە (٢٠٢٣) وە بەرەو سەرەوە بێت و بۆ ئۆتۆمبێلی پاس لە (٢٠١٦) وە بەرەو سەرەوە بێت و تەنها بۆ یەک جاریش دەبێت و کاریگەری گەڕانەوە واتە (الاثر الرجعی) دەبێت.

- خاڵی (٣) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لە کاتی پێویست بەڕێوەبەری گواستنەوە پەیوندیدار بۆی هەیە تا (٢) دوو مۆدیل ئۆتۆمبێلی هێلەکان بهێنێتە خوارەوە بە مەرجێک بۆ ئۆتۆمبێلی تەکسی مۆدێلی لە (٢٠٢٣) وە بەرەو سەرەوە بێت و بۆ ئۆتۆمبێلی پاس لە (٢٠١٠) وە بەرەو سەرەوە بێت و وە ئەم پرۆسەیەش بۆ یەک جار لە هێلەکە ئەنجام دەدرێت و ئەم بڕگەیە لە کاتی کڕین و فرۆشتن کاری پێناکرێت.

- خاڵی ( ٥) لەبڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هەر ئۆتۆمبێلێک یاخود شوفێر دەتوانێ تەنها لەیەک هێل کاربکات .

- خاڵی (٦) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
شوفێری هێل نابێت مووچەکەی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر بێت بۆیە پێویستە لە کاتی بە ناو کردنی هەر هێلێک بەڵێنامەی دادنوس یاخود پشتگیری فەرمانگەی توماری بایۆمەتری بهێنێت، بۆ ئۆتۆمبێلی جۆری (تاکسی).
- خاڵی (٧) بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە کاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی تابلۆی دەرەوەی هەرێم کە مۆدێلیان لە (٢٠٠٠) و بۆ خوارەوە بێت پێویستە ئۆتۆمبێلە تازەکەی بکات بە تابلۆی هەرێم وە مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکەشی لە (٢٠٠٥) و بە سەرەوە بێت لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (١٤٠) دەستوری عێراق، دەکرێت ئۆتۆمبێلی تابلۆی دەرەوەی هەرێم بە کار بهێنرێت کە مۆدێلی لە (٢٠١٤)وە بەرەو سەرەوە بێت بۆ ( تەکسی و پاس).
- خاڵی (٨) بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لەکۆتایی خاڵەکە ئەم دەستەواژە زیاد دەکرێت (بۆ تاکسی و پاس)
- خاڵی (١١) لە بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ئەم دەستەواژەیە لە کۆتاییەکەی زیاد دەکرێت (یاخود فەرمانگەی دادنووسی ئەنجام بدرێت).
- خاڵی (١٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
لە کاتی گۆڕینی هێل لە هێلێک بۆ هێلێکی تر، دەبێت ڕەزامەندی بەرپرسی هێلەکانی هەبێت وە پەسند دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە.
- خاڵی (١٦ - أ ، ب ) بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ووشەی (١) مانگ لادەچێت، (٣٠) ڕۆژ لە شوێنی دادەنرێت.
- خاڵی (١٦- هـ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
هـ- دوای تێپەربوونی سێ ساڵ لەسەر نوێ نەکردنەوەی کارتی هێڵ ئەوا هێلەکەی پووچەڵ دەکریتەوە بەپێی ڕێنماییەکان.
- خاڵی (٢٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پاڵپشت بە یاسا بەرکارەکان شەقامی سەرەکیەکان مافی هەموو هێلەکانە بە یەکسانی.
- خاڵی (٢٥) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لەکۆتایی خاڵەکە ئەم ڕستەیە زیاد دەکرێت ( بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای گواستنەوە )
٢-خالەکانی (٩-١٧-١٨-٢١-٢٨) لە بڕگەی سێیەم لادەبردرێت
٣- لە بڕگەی سێ یەم (٦) خاڵ بە زنجیرەی (٣١ - ٣٢ - ٣٣ - ٣٤ – ٣٥ - ٣٦) زیاد دەکرێت ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
- خاڵی (٣١)
لە کاتی بوونی کارکردنی ئۆتۆمبێلەکان بۆ جۆری سوتەمەنی (LPG) پێویستە بەڵگە و دۆکۆمێنتی فەرمی پەسەند کراو بێنێت کە بەپێی ستانداری جیهانی بێت.
- خاڵی (٣٢)
ئەنجومەنی هێلەکان تەنها نوێنەری شوفێران دەکەن، لە رووی ماف و ئەرکەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە لەسرە و پارەی عمولە و ....... هتد.

- خاڵی (٣٣)
لەکاتی گۆڕینەوەی تایم لەنێوان هێلەکان، هیچ شوفێرێک بۆی نیە جگە لە تایمی خۆی کاری گواستنەوە ئەنجام بدات .
- خاڵی (٣٤)
لە دانانی چاودێر لە بازگەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرپێچیەکانی شوفێر، دەکرێت لەنێو شوفێری گەراجەکان دابنرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە و ئیدارەی سنورەکە.
- خاڵی (٣٥)
لەکاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی تابلۆی هەرێم بۆ تابلۆی دەرەوەی هەرێم، دەبێت مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکەی هەمان مۆدێل بێت یا خود بەرزتر، وە ئەم بڕگەیە تەنها بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (١٤٠) دەستوری ساڵی (٢٠٠٥)، دەبێت بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتەکان لەلایەن شوفێرەوە ،وە مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکەی لە (٢٠١٤) و بەرەو سەرەوە بێت.
- خاڵی ( ٣٦)
ئەو پاصانەی کە مۆدیلیان لەخوار (٢٠٠٠)، دەتوانن بگۆڕن بە ئۆتۆمبێلی مۆدێل (٢٠٠٠) بە سەرەوە بەمەرجێک بە فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار کرابێت.
**چوارەم:** خاڵی (١٢) لەبڕگەی چوارەم ڕێنمایی تایبەت بە تەکسی ناو شار ( گەڕۆک) زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
- خاڵی (١٢)
لەکاتی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل تەکسی گەرۆک پێویستە لە ماوەی یەک هەفتە ڕێکارەکانی بە ناو کردنی لۆگۆ ئەنجام بدات لە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە کاردانەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت و ئەو شوفێرەی کە کارتی زانیاری بە ناوەیەتی بەرپرسیار دەبێت.
**ماددەی (٥):**
ئەم بڕگە و خاڵانە لە ماددەی (٥) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:
**یەکەم:** خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم) لە مادده (٥) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
١ - خاڵەکانی (١ ، ٣ ، ٥ ، ٧ ، ٨) لە بڕگەی یەکەم هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
- خاڵی (١) لە بڕگەی یەکەم مادده (٥) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پڕوسەی پێدانی هێل لە ڕێی بانگەواز و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رۆژانەی فەرمی یا خود رۆژنامەی فەرمی و هەڵواسینی لافیتە لە ماوەی (٢٠) رۆژ داواکاری وەردەگیرێت و دواتر پڕۆسەی تیروپشک ئەنجام دەدرێت وە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەگرێتەوە وەک (پیک ئاب - لۆری - گەلابە - سایلۆ - بەراد - تانکەر - فلات - ترێلە....هتد).
- خاڵی (٣) لە بڕگەی یەکەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
داواکار دەبێت دانیشتووی سنووری ئەو پارێزگایە یا خود ئیدارە سەربەخۆکان بێت کە پڕۆسەکەی لێ ئەنجام دەدرێت بە مەرجێک ڕێژەی (٣٠٪) بۆ دانیشتوانی قەزا وە ڕێژەی (٤٠٪) بۆ دانیشتووانی ئیدارە سەبەخۆەکان و ڕێژەی (٣٠٪) بۆ دانیشووانی پارێزگاکان لە دەروازەکەی لێیە.
- خاڵی (٥) لە بڕگەی ( یەکەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
دەبێت تابلۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان هی هەمان پارێزگا بێت کە پڕۆسەکەی لێ ئەنجام دەدرێت و مۆدێلی لە (٢٠١٣) بەسەرەوە بێت.

- خاڵی (٧) لە بڕگەی (یەکەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە کاتی پێویست دەکرێت پرۆسەی تیروپشک ئەنجام بدرێت بۆ زیادکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە دەروازە سنووریەکان بە سەرپەرشتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنورەکە.
- خاڵی (٨) لە بڕگەی ( یەکەم ) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
ووشەی (١) یەک مانگ لادەبردرێت ، (٣٠) ڕۆژ لەشوێنی دادەنرێت .
٢- لەکۆتایی بڕگە (یەکەم )(٧)خاڵ بەزنجیرەی (١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨)زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە
١٢- تەنها بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی سنورەکان سەرپەرشتی بارهەڵگرەکان دەکات و بەهیچ شێوەیەک لایەنەکانی تر بۆیان نیە دەست بخەنە نێو کاروباری گواستنەوە، بەپێچەوانەوە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
١٣- گۆرینی ئۆتۆمبێلێک لە جۆرێک بۆ جۆرێکی تر واتا (صنف) لە (تاک ویل بۆ سیکس ویل خود لە بەراد بۆ تریله.....هتد)، شوفێر دەبێت داواکاری پێشکەش بکات لە نوسینگەکانی گواستنەوەی دەروازەکان و پشگیری سەرپەرشتیاری دەروازەکانی هەبێت ، دواتر نوسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە سنورەکە بکرێت بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست.
١٤- ئەو بارهەڵگرانەی کە لە دەروازە سنووریەکان کار دەکەن دوای گەیاندنی کەل وپەلەکانیان بۆ ناو شارەکان بۆیان نیە لە گەڕانەوەی کاری گواستنەوەی کەل و پەل ئەنجام بدەن، بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەری گواستنەوەکانی سنورەکان سزای ڕاگرتن بۆ ماوەی (٥ تاکو ١٥) رۆژ بۆیان دەکرێت.
١٥- ئەو بارهەلگرانەی کە لە ناو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کار دەکەن پێویستە رێکبخرێنەوە وە کارتی کارکردنی گواستنەوە پێیان بدرێت و لەسەر کارتی کارکردنیان بنوسرێت کارتی کارکردنی ناوخۆ ئەنجام دەدەن، بە هەمان رێکارەکانی پێدانی کارتی کردنی سەرەوە ڕسومات لێیان وەردەگیرێت.
١٦- هەر بابەتێک لە دەروازە سنووریەکان کە پەیوەندیان بە گواستنەوەی گشتی ( بارهەڵگرەکان) هەبێت وەک نرخی کرێ و پارەی عمولە شوفێران دەبێت لیژنەیەک کە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێک دێت وە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی سنورەکە تێدا ئەندام بێت.
١٧- هیچ کۆمپانیایەک بۆی نیە کاری گواستنەوە لەو دەروازە سنووریانە ئەنجام بدات بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی سنوورەکە.
١٨- ئاڵوگۆڕی هێلەکان ئەنجامدانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەنێوان هێلەکان لە دەسەڵاتی وەزارەتە ، بابەتەکە ئاڵۆگۆڕی لە نێوان هێلەکانی پاص و مینی پاص و تەکسین لە سنوری مەرزەکان کاردەکەن بۆ بارهەڵگر لەهەمان مەرز دەگرێتەوە،ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت لەکاتی بەدی هێنانی ئەم مەرجانەی خوارەوە:
أ- هەبوونی داواکاری پێویست بە نووسراوی فەرمی لەلایەن پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی سنووری ناوچەکە بۆ زیادکردنی هێل لە مەرزکە پاڵپشت کرابێت بە داواکاری ئیدارەی دەروازە و بەرێوەبەریەتی گواستنەوەی سنورەکە وە پێشکەش کردنی ڕوونکردنەوەی پێویست لە هەبوونی بەرژەوەندی گشتی لە پێناو نەوەستانی کاروباری بازرگانی لە سنووری مەرز هاوپێچ کرابێت یان کۆنووسی هاوبەشی نێوان ئیدارەی ناوچەکە، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوە و ئیدارەی مەرز و لایەنی پەیوەندار بە بابەتەکە.

ب- پێشکەش کردنی دۆکومێنتی پێویست کەوا ئەم خاوەن هێلی پاص و تەکسیانەی کە لە مەرزەکە کاردەکەن داواکار و ڕەزامەندن بە گۆڕینی هێلەکانیان بۆ بارهەڵگر وە پابەندن بەجێبەجێ کردنی گشت مەرجەکانی تایبەت بەو بابەتە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

ج- دوای هەڵسەنگاندنی داواکاریەکە لەلایەن وەزارەت و وەرگرتنی ڕەزامەندی پێویست و تەواوکردنی ڕێکارەکان، بڕیار لە ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕ نێوان هێلەکان دەکرێت بەپێی ڕێکارە یاساییەکان لە ڕێگەی پرۆسەی تیر و پشک و پێدانی ڕسوماتی پێویست.

د- لەکۆتادا، گەڕاندنەوەی ئەنجامی پرۆسەکە بە شێویەکی فەرمی بۆ وەزارەت بەمەبەستی پەسندکردن و چونەبواری جێ بەجێ کردن بەپێی ڕیکارە یاساییەکان.

**دووەم:**

١- ناونیشان وخاڵی(٢) لەبڕگەی دووەمی مادده(٥)هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوەدەخوێندرێتەوە:

ڕێنمایی تایبەت بە نویێ کردنەوەی هێلی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرلە دەروازە سنووریەکان:

- خاڵی (٢) لە بڕگەی (دووەم) هەموار دەکرێت ، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەبێت خاوەن هێل یا خود شوفێر ساڵانە کارتی کار کردن نویێ بکاتەوە و سزای دواکەوتنی لێوەربگرێت لە کاتی دوا کەوتنیان بە بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار.

٢- خاڵی (٧) لە بڕگەی (دووەم) لادەبردرێت.

٣- لە بڕگەی دووەم دوو خاڵ بە زنجیرەی (١٢ - ١٣) زیاد دەکرێت ، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١٢- تەنها بەڕێوەبەرایەتیەکان سەرپەرشتی کاروباری بارگەڵگرەکان دەکات.

١٣- هیچ بریارێک لە دەروازە سنووریەکان نادرێت لەسەر هێلەکانی بارهەڵگرەکان و کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کەل و پەل بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە.

**ماددەی (٦):**

دوو مادده بەزنجیرەی (٧ ) و (٨) لە ڕێنمایی گشتی کاروباری گواستنەوە ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) زیاد دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی ( ٧)  لیژنەکان:

**یەکەم:** پێناسەی لیژنەکان

أ- (لیژنەی باڵای کاروباری گواستنەوە)

(لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری و ڕیکخستنی کاروباری گواستنەوە  دەکات لەسنووری هەرێمی کوردستان) ئەم لێژنەیە پێکدەهێنرێت لە وەزارەت بەمەبەستی سەرپەرشتی و ڕێکخستنی کارەکانی گواستنەوە لە سنوری هەرێمی کوردستان، ئەو لێژنەیە پێک دێت بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەری گشتی گواستنەوە و دوو ئەندامی تر کە لەوەزارەت دیاری دەکرێت ساڵانە بە فەرمانێکی وەزاری نوێ دەکرێتەوە.

ب- لێژنەی بەرێوەبەراتیەکانی کاروباری گواستنەوە

لیژنەی تایبەت بە چاودێری کردن، سەرپەرشتی و بەدواداچوونی کاروباری گواستنەوە لە سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان،ئەم لیژنەیە پێکدەهێنرێت لە بەرێوەبەراتیەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەمەبەستی بەدواداچوونی کارەکانی گواستنەوە بەپێی سنوری جوگرافیان، ئەم لیژنەیە پێک دێت بەسەرۆکایەتی بەرێوەبەری گواستنەوە و دوو ئەندامی تر ساڵانە بە فەرمانێکی کارگێری بە ئاگاداری وەزارەت نوێ دەکرێتەوە .

**دووەم:** ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەکان.
أ- ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵای کاروباری گواستنەوە بریتیە لە:
١-دیراسەتکردن و شی کردنەوەی ئەو پرۆژە و پرو پۆزەل و داواکاریانەی کە پێشکەش دەکرێن لەلایەن ئەو کۆمپانیا و وەبەرهێنەر و لایەنانەی کە مۆڵەتەکانیان پێویستی بە ئەنجامدانی گرێبەست هەیە لە بواری گواستنەوە بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەیان دوای ڕەزامەندی بەرێز وەزیر ئەنجام دەدرێت.
٢- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی کار وچالاکیەکانی کۆمپانیا کانی کاروباری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان.
٣- بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی لیژنەی بەرێوەبەراتیەکان کە ئاڕاستەیان دەکرێت.
٤- بەدواداچوونی گشت ئەو داواکاریانەی کەئاراستەیان دەکرێت وە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروباری گواستنەوە.
٥- دەربڕینی ڕەزامەندی بەنوێ کردنەوەی مۆڵەتی گرێبەستی پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیا و وەبەرهێنەر و لایەنانەی کە لە بواری گواستنەوە پرۆژە ئەنجام دەدەن یان هەمووارکردنەوەیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی و پێویستی کاروباری ڕۆژانەو نوێکارەیەکان لەبواری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دوای ڕەزامەندی بەڕێز وەزیر ئەنجام دەدرێت.
ب- ئەرک و دەسەڵاتەکانی لێژنەی بەرێوەبەرایەتیەکانی کاروباری گواستنەوە بریتیە لە:
١- بەرزکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە ڕەزامەندی لیژنەی باڵا هەیە لە چوارچێوەی ئەرکەکانیان.
٢- چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی پرۆژە و کارەکانی کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی سنوری ئیدارەکانیان.
٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بەشێوەی مانگانە لەسەر چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆژەکان و کارو چالاکیەکانی کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە بەپێی سنوری ئیداریان بەپێی داتا و زانیاری فەرمی و بەرزکردنەوەیان بۆ لێژنەی باڵا لە وەزارەت .
٤- بەدواداچوون بۆ گشت ئەو کێشە و گرفت و سکاڵایانەی کە ئاراستەیان دەکرێت لە لایەن هاووڵاتیان، کۆمپانیاکان، نووسینگەکان، شوفێران لەسنوری ئیداری جوگرافیان کە پەیوەندارن بە کاروباری گواستنەوە و دۆزینەوەی چارەسەرەی گونجاو لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی لیژنەی باڵا.
٥- ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەدەسەلاتیان نیە یان چارەسەر نابن پێویستە بەفەرمی ئاراستەی لێژنەی باڵا بکرێت لە وەزارەت.

مادەی (٨) گەراج و تێرمیناڵەکان

**برگەی یەکەم:** گەراجی هێلەکان و ترمیناڵەکان.
أ- پێناسەی گەراجی هێلەکان:
ئەو شوێنەیە کە هێلەکانی گواستنەوە کاری تیایدا دەکەن بریتیە لە خاڵی دەرچوون و گەراندنەوەی هۆیەکانی گواستنەوە (پاس و تەکسی) بەپێی رێرەوی هێلەکانیان کە مۆڵەتیان پێدراوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی بەرکارەکان.

ب- پێناسەی گەراجی ترمیناڵ:
وێستگەی ناوەندیە کە پێک دێت لە باڵەخانە و گەراجی تایبەت بە وەستانی دەرچوونی هۆیەکانی گواستنەوە (پاس و تەکسی) و خاڵی سەرخستن و دابەزاندنی گەشتیاران و هاووڵاتیان، و هەروەها شوێنێکە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و زامنکردنی ئاسایش بە هاووڵاتیان و بازرگانان.

**برگەی دووەم:** مەرجە گشتیەکان و کارکردن و دروستکردن و ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی گەراج و ترمیناڵەکانی گواستنەوە.

١- سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستن و دیزاین و چۆنیەتی کارکردنی ترمینالەکان لە ژێر چاودێری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنوورەکان دەبێت.

٢- دیزاین و گۆرانکاری لە پێکهاتەی ترمیناڵەکان دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنوورەکان دەبێت.

٣- پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکانی گواستنەوە هاووڵاتیان نێوان هەرێم و دەرەوە لە ناو ترمیناڵەکان بن.

٤- پێویستە بەلایەنی کەم (١) یەک ئەندام لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و (١) یەک ئەندام لە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە بۆردی سەرەکی بەڕێوەبردنی ترمیناڵ ئەندام بن بۆ پەیروکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی گواستنەوە.

٥- دیاری کردن و چۆنیەتی وەرگرتنی پارەی کۆمیسیۆن (عمولە) لە شوفێران لە لایەن لیژنەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت بە ئەندامیەتی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنوورەکە.

٦- وەبەرهێنەر یا خود کرێ گرتە وە یا خود خاوەن بانەوانی (مساطح) پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی گشتی گواستنەوە دەبێت:

أ- ڕێکخستنی نۆرە (سرە) لە هێلەکان.

ب- پێویستە گشت خزمەتگوزاریەکان وەک (ئاو و کارەبا و پاسەوان و رووناکی....هتد) دابین بکات.

ج- بە هیچ شێوەیەک بێتە ناو ڕێ ڕەو(لاین)ی ترمیناڵەکە.

د- جێبەجێ کردنی سیستەمی مەنەفێستی سەرنشین لە ترمیناڵەکە.

هـ- دانانی بەربەستی (عاریضە)ی ئەلیکترۆنی لە ترمیناڵەکە.

و- لایەنی بەڕێوەبردنی ترمیناڵ بۆی نیە بە هیچ شێوەیەک سەرنشین بگوازێتەوە بە شێوەی بازرگانی(تجاری).

ی- پێویستە بەڵێنامەی دادنووسی هەبێت کە پابەندی ڕێنماییەکانی گشتی گواستنەوە دەبێت.

**ماددەی (٧):**

ئەم هەمواری ڕێنماییە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**انو عبدوکا**
**وەزیری گواستنەوە و گەیاندن**